گوڵان
ژمارە (٧٥٤)
٢٠٠٩/١٠/٢٦





گەر بتوانرێت پیرۆزی بۆ (کار) بگەڕێنرێتەوەو هەلی ئیشکردن بدۆزینەوەو، داهاتی مانگانەی هاوڵاتییان لەناویشیاندا ئافرەتان بەرزبکەینەوە، واتە (خەڵکی فێری ماسی گرتن بکەین نەک ماسییان پێ بدەین..)

# بەپیرۆزکردنی کار دادپەروەری کۆم

## تاکی کورد پێویستی بە ژیانی مەمرەو مەژی نییە

زۆر لەبزووتنەوەو پارتە سیاسییەکانی کوردستان بەپارتە ئیسلامی و علمانییەکانیشەوە بەجیاوازییان لەنێوپرۆسەی حوکمڕانی یاخود ئۆپۆزسیۆن، دروشمی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی و پەرەپێدانی ئابوورییان بەرزکردۆتەوە، بێ ئەوەی خاوەنی پرۆژەو کارێکی جیددی بن لەپرۆسەی ئابووری و هۆشیاری کۆمەڵگا، واتە دروشمێکی ناوەڕۆك بەتاڵ تەنیا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات یاخود درێژەپێدانی دەسەڵات، زۆربەی جاریش سەرقاڵی کۆپیکردنی دروشم و واقیعی کۆمەڵگاکانی تر بوون . ئاخۆ تاچەند کار بۆ جێبەجێکردنی ئەم دروشمانە کراوەو، تاکەکانی ناو



# ـــەڵایەتی جێبەجێ دەبێت

کۆمەڵگایـــان لەچوارچێوەی چاودێری کۆمەڵایەتـــی دەربازکـــردووەو، حـــەزو ئارەزووەکانی ناو کۆمەڵگایان خســـتۆتە ناو پرۆژەی زانستی و ئابوورییەوە؟ کاتی ئەوە هاتووە بەبانگەشەکارانی دروشمەکان بووترێت: (دروشمەکانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و هەوڵەکانتـــان بۆئەوەیە کۆمەڵگاو ئابووری گەشە بکات، یاخود کوردستان ببێتە تەمەڵخانەیەکی گەورەو هەلـــی کار بۆ تاکەکانـــی ناوکۆمەڵگا زامـــن نەکرێت و خەڵکـــی کار نەکات و مووچـــە وەرگرێـــت؟)، مەســـەلەی برینـــەوەی مووچە بۆ ئافرەتانی ماڵ و گەڕانەوەی ئەو برە یارمەتییە داراییەی کە بۆ ڕێزلێنانی ڕۆشنبیرو هونەرمەندو وەرزشـــوان بڕدرابـــووەوە نموونەیەکی بچووکـــی ئەمبـــوارەن، کەلەواقیعـــدا کاری جیددی ئابوورییانەو توێژینەوەی زانستی بۆ نەکرابوو، هەربۆیە دووەمیان بەردەوامیشـــی پێ نەدرا . بەبڕینەوەی مووچەیەکـــی کـــەم بـــۆ ئافرەتان کە بەنیـــوەی هێـــزی کاری ناوکۆمەڵگا دادەنرێـــت، نەئافرەت لەپاشـــکەوتەی بیاوسالاری دەربازدەکرێت نەپیرۆزی بۆ کارکردنی ئافرەت دەگەڕێتەوەو نەداهاتی تاکەکەســـییان بەرزدەبێتـــەوە، ئافـــرەت لەلادێ شانبەشانی پیاو کاری کردووەو کاتێکیش هاتنە ناوشارەکان ٨٠٪ی ئەو ئافرەتانە لە کارگەکانی شەکرو جگەرەو رســـتن و جنین کاریان کـــرد، یەکێك لە هۆکارەکانی چەوساندنەوەی ئافرەتان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـــە خاوەنی ئابووری نییە . ئێســـتاکە ٥٠ هـــەزار هاوڵاتی تورکیا لەهەرێمی کوردستان کار دەکەن، ئەمە جگە لەو هەموو عەرب و بیانییەی ترکە ڕوویان کردۆتە هەرێمی کوردستان و لە بـــوارە جۆراوجۆرەکاندا کار دەکەن، کەچی بێـــکاری لەنـــاو هاوڵاتییانی کوردستان بەتایبەتی ئافرەتان ڕێژەیەکی مەترسیدارە.

ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا دژی ئەوە نین ئافرەت یاخود هەر توێژێکی تری ناو کۆمەڵگا مووچـــە وەربگرێت، بەڵام گەر بتوانرێت پیـــرۆزی بـــۆ (کار) بگەڕێنرێتـــەوەو هەلی ئیشـــکردن بدۆزینـــەوەو، داهاتی مانگانـــەی هاوڵاتییان لەناویشـــیاندا ئافرەتـــان بەرزبکەینـــەوە، ئـــەوکات سیســـتەمی دادپەروەری کۆمەڵایەتی جێبەجـــێ دەکرێـــت نەك سیســـتەمی چاودێـــری کۆمەڵایەتی، واتە (خەڵکی فێری ماسی گرتن بکەین نەك ماسییان پـــێ بدەیـــن..)، بۆچـــی تاکەکانـــی ناوکۆمەڵگا فێری ژیانی نەمرەو مەژی بکەین؟ حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لەڕێـــگای بەرنامەو کارەکانییەوە توانی ڕێژەی هەژاری لەکوردستان بۆ ٤٪ نزم بکاتەوە لەکاتێکدا لـــە عێراق ٢٣٪ یە،

**دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێوەرێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی حکومەتی سەرکەوتوو باش، حکومەتێک بتوانێت هەلی کارو چاودێری تەندروستی و خوێندن بە شێوەیەکی یەکسانانە بۆ هەموو هاوڵاتیان دابین بکات و پیرۆزی بۆ کارو یاسا بگەڕێنێتەوە**

**هەر کۆمەڵگایەک بانگەشەی دادوەری کۆمەڵایەتی بکات، پێویستە هەموو هاوڵاتییەک لە ئەرک و مافەکانیان یەکسان بن**

ئەم راستییە لەدوا راپۆرتی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی ئاماژەی پێ کرا، بەڵام ئەگەرو پێشبینی زیادبوونی ئەم ڕێژەیەی هەژاری هەیە، بۆیە پاراستنی ئەم واقیعە یاخود زیاتر باشکردنی بارودۆخەکە پێویستی بەکارو بەرنامەی نوێ هەیە، کە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و دەرکەوتنی کێشەکانی نرخ هەڵئاوسان و بێکاری بگونجێت، کۆمەڵگا ئاراستەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی رابێچ بکات نەك بەرەو چاودێری کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی و دووركەوتنەوە لەگەیشتن بەخۆشگوزەرانی.

بۆچوونە ناو ئەم بابەتە مەرجە هەریەك لە (دادپەروەری کۆمەڵایەتی و - چاودێری کۆمەڵایەتی) لێکجیا بکەینەوە، کەبنەمای خۆشگوزەرانی و دامەزرانی دەوڵەتی گەشەکردوو بەبێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بوونی تۆڕی مامناوەند دروست نابێت، بگرە دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێوەرێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندنی حکومەتی سەرکەوتوو باش، حکومەتێك بتوانێت هەلی کارو چاودێری تەندروستی و خوێندن بە شێوەیەکی یەکسانانە بۆ هەموو هاوڵاتیان دابین بکات و پیرۆزی بۆ کارو یاسا بگەڕێنێتەوە، بەهاوشێوەی کۆستەریکا کە خاوەنی سامانی سروشتیش نییە، بەڵام لە راپۆرتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ریزبەندی پێشەوەی ئەو وڵاتانە دێت لە خۆشگوزەرانی و پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی و پێشکەوتنی کەرتی تەندروستی و پەروەردە.

**دیموکراتییەتیش بەبێ چەسپاندنی یاساو فراوانکردنی پێگەی توێژی مامناوەند پەیرەو ناکرێت**

لەلای جۆن رۆلس ((Jhon Rowls دادپەروەری کۆمەڵایەتی بیروبۆچوونێکی فەلسەفییە نەك سیاسی، مافی مرۆڤ و یەکسانیش بەگرنگترین کۆڵەکەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دادەنرێت، هەر کۆمەڵگایەك بانگەشەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بکات، پێویستە هەموو هاوڵاتییەك لە ئەرك و مافەکانیان یەکسان بن، ئەم دادپەروەرییە کۆمەڵایەتییە بۆ ئەوەی لەچاودێری کۆمەڵایەتی جیابکرێتەوە، مەرجە دەستکەوتی کار و مانگانەی مووچەخۆر بەرامبەر خەرجییەکانی بێت، نەك بێ رێزگرتنی کار بە دابەزینی کرێ و نرخەکەی هەروەکو چۆن ئێستاکە مانگێك کارکردنی بەنگلادیشی بە ٢٠٠ دۆلارە واتە بەرۆژێك پارەی ژەمەنانخواردنێکی نادرێتێ . دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە رێگای بەرزکردنەوەی دروشم و پێشنیارو بۆچوونی کرچ و کاڵەوە جێبەجێ نابێت، بەڵکو لە رێگای چاکسازییەکی دیموکراسی سەرتاپگیر( سیاسی و کارگێری و ئابووری و قەزائی)، دەسەڵاتی یاسا تەنها لە سیستەمی دیموکراتییەتدا بەهێز دەبێت، دیموکراتییەتیش بەبێ چەسپاندنی یاساو فراوانکردنی پێگەی توێژی مامناوەند پەیرەو ناکرێت.

**ئالێرەدا ئەرکی حکومەتە بەبەرنامەیەکی زانستی و ئابوورییانە ببێتە خاوەنی حوکمرانییەکی باش، پیادەکردنی حوکمرانییەتی باشیش بەم هۆکارانە دەبێت:-**

**١) سەربەخۆبوونی دادگا.**
**٢) رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.**
**٣) یەکسانی لە نێوان تاکەکانی نێوکۆمەڵگا.**
**٤) ئازادی بیروبۆچوون و رۆژنامەوانی.**
**٥) رێکخستنی دیموکراتی لە کارگێری.**
**٦) دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.**

## دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەوڵدانێکە بۆ پیادەکردنی ئابووری بازاڕ

ئابووری بازاڕ کە لەسەر بنەمای خواستە و خستنەڕوو ململانێی ئازاد دوور لە قۆرغکاری دامەزراوە، پشت بەمولکییەتی کەسی و دامەزراوەکان بەستووە، بەو مانایە نایەت کەرتی گشتی و رۆڵی حکومەت لە رێکخستنی ژیانی ئابووری فەرامۆش بکرێت، لە دوای قەیرانە ئابوورییەکەی ٢٠٠٨ ئەم بنەمایە پتەوتر بووە. ئابووری کۆمەڵایەتی بازاڕ زاراوەیەکە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تەشەنەی کرد، ئەویش وەکو پەیوەندی و تێکەڵاوییەك لەنێوان ئابوورییەکی کێبرکێ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لەناوەڕۆکیشدا هەوڵدانێکە بۆ کۆکردنەوەی یاساکانی ئابووری بازاڕ، کە لە سەرمایەداریدا باوەو لەگەڵ بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لەخودی رژێمی سۆشیالیستی ئاماژەی پێکراوە، لەوانە (دادپەروەری و یەکسانی و دابینکردنی هەلی کارو زەمانەتی تەندروستی و پەروەردە..)لیبراڵی رێکخراو یاخود سەرمایەدارییەك دوور لە رەهایی ئازادییەکانی بازاڕ، زۆرجاریش بە رێگای سێیەم دادەنرێت. کێشەی نەبوونی دادپەروەری لە کۆمەڵگای کوردستانی بۆ ئەو جیاوازییە گەورەیە دەگەڕێتەوە، کە لەنێوان دروشم و ئەو بنەمایانەی کە بە هۆیانەوە دادپەروەری بەهێز دەکات هەیە..

ئابووری تەنها لە دادپەروەری یاسا بچوك ناکرێتەوە، بەڵکو لەسەرجەم بوارەکانی ژیان و ژینگەیەکی وا بۆ پرۆسەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دروست دەکرێت، کەجیاوازییە چینایەتیەکانی نێوکۆمەڵگا



کۆتایـی پێدێـت، هەمـوو تاکەکانی نێوکۆمەڵـگا لەپرۆسـەی ئابووری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆیان یەکسان دەبن.

کاتێك باس لەوە دەكرێت ئافرەتانی ماڵ موچەیـان بۆ ببڕدرێتەوە دەبێت جیاوازی نێوان چاودێری کۆمەڵایەتی و دادپەروەری بکەین، تەنانەت مارکسیەتیش لەئابووریدا بۆچوونی یەکسانی ڕەهای ڕەتکردۆتەوە، ئایا ئێمە وەکو پەندە چینیەکە ماسـیان دەدەینێ یاخود فێری ماسـی گرتنیان دەکەین. بەم تێڕوانینە پیرۆزی کار هیچ واتایەك هەڵناگرێ و یەکسـانی و ماف لەنێوان ئافرەتەکاندا لەناودەبەین .

## بێ دادوەری کۆمەڵایەتی لە ئێتکی ئابووری دوور دەکەوینەوە

دوورکەوتنـەوە لە بەدیهاتنی یەکسـانی و دادپـەروەری لەدەسـتکەوتنی هەلی کار ناسـەقامگیری بـۆ کۆمەڵـگای کوردستان دەهێنێت، چونکە دادپەروەری کۆمەڵایەتی زامنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی و پەرەپێدانی مرۆییە، لە هەرێمی کوردستان بەدرێژایی بەڕێوەبردنـی هەرێمەکە هەر لە سـاڵی ١٩٩١ەوە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بووەتە خەون و خەیاڵ. کاتێك باس لە چاکسازی دەکەین، ڕاسـتەوخۆ بەرەو چاکسـازی سیاسـی دەڕۆین، دادپەروەری سیاسی و کۆمەڵایەتی دوو بنەمای هاوکێشەی چاکسازی و نوێبوونەوەیە.

دارمان و دوورکەوتنەوە لە ئێتکی ئابووری و نەبوونی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە لانی کەمی دادپـەروەری کۆمەڵایەتی زامن بکات، لەبەرژەوەندی حکومەتەکان و هیچ گروپ و لایەنێکی سیاسـی لە پرۆسەی سیاسی هەرێمەکەدا نییە.

## ڕۆژی جیهانی بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی

جاڕدانی مافەکانی مرۆڤ کە سـاڵی ١٩٤٨ لەلایەن نەتـەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوو، بـە وەرچەرخانێکی گرنگ بۆ مرۆڤایەتی دادەنرێت، مەرجە لەهەرێمی کوردستان ڕەچاوی ئەم بنەمایانە بکرێت و جیـاوازی نێوان ئاییـن و ڕەچەڵەك و لایەنگری سیاسی و بیروباوەڕ نەمێنێت، هەموو هاوڵاتییەکی ئەم هەرێمە بەرامبەر یاسا یەکسـان بن و هاوڵاتیبوون لەسەر بنەمای ئەرك و مـاف بێت، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تاکو ئەمڕۆ بەدەسـتهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لای زۆرینەی دانیشتووانی زەوی بۆتە خەونێك و شەرو هەژاری ڕێگر بووە لەبەدیهاتنی، قەیرانی دارایی و جەنگی تیرۆریش ئاستەنگێکی تری بـەردەم جێبەجێکردنی ئەم ئومێدەیە . لـە ٢٠ شـووباتی ٢٠٠٩لەیـادی سێیەمی ڕۆژی جیهانی بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی، سـکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتـووەکان لەلێدوانێکـدا ئاماژەی بەوە کرد:(( دادپـەروەری کۆمەڵایەتی بیروباوەڕێکـی سـەرەکی و بنەڕەتییـە لە ئاشـتی نێوان گـەلان، کەبەهۆیەوە خۆشگوزەرانی دەسـتدەکەوێت، لابردنی ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم جیاوازی نێـوان تەمەن و ڕەگەزو ئایین و نەتەوە و ئاستی ڕۆشنبیری هەنگاوێکی گرنگە لەپەرەپێدانـی دادپەروەری کۆمەڵایەتی. نەتەوە یەکگرتووەکان تێدەکۆشێت لە پێناو سـەپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ هەمووان، ناوەڕۆکی مەبەستەکەشـمان بەدەسـتهێنان و پەرەپێدان و پاراسـتنی کەرامەتی مرۆڤە..)).

لەجیهانی ئەمڕۆدا سەرجەم ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و سـندوق و بانکی نێودەوڵەتی بایەخێکی زۆر بە بنەماکانی دادپـەروەری کۆمەڵایەتـی دەدەن، تەنانەت جیهان بووەتـە خاوەنی چەندین گـروپ و پارت و ڕێکخـراوی مەدەنی

**لە هەرێمی کوردستان بەدرێژایی بەڕێوەبردنی هەرێمەکە هەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بووەتە خەون و خەیاڵ**

**ونبوون و لەناوچوونی توێژی مامناوەندی لەکۆمەڵگای کوردستانیدا پەککەوتنی هێزو توانای نیشتیمانییە، بەبێ بوونی ئەم توێژە لەناو کۆمەڵگا ناکرێت دادپەروەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی و نوێبوونەوەی بەدی بهێنرێت**



بێ بەشداریکردنی ئافرەت لەئابووری.. دادپەروەری کۆمەڵایەتی جێبەجێ نابێت

گوڵان
ژمارە (٧٥٤)
٢٠٠٩/١٠/٢٦

کەدادپەروەری کۆمەڵایەتی لەبەرنامەو پرۆگرامەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، بزووتنەوەی دادپەروەری نێودەوڵەتی و پارتی سەوزی کەنەدی و سەرجەم پارتە سەوزەکانی جیهان لەگرنگترین ئەو پارت و بزووتنەوەو گروپانەیە کە هەڵگری ئەمجۆرە بیروباوەڕەن..

## لەناوچوونی توێژی مامناوەندی لەکوردستان لەبەرژەوەندی کێ دایە؟

کۆمەڵگا بەگشتی لەسێ توێژی نزم و مامناوەند و بەرز پێکدێت، ونبوون و لەناوچوونی توێژی مامناوەندی لەکۆمەڵگای کوردستانیدا پەککەوتنی هێزو توانای نیشتیمانییە، بەبێ بوونی ئەم توێژە لەناو کۆمەڵگا ناکرێت دادپەروەری کۆمەڵایەتی و گۆڕان و چاکسازیو نوێبوونەوەی جێبەجێ بکرێت، تەنانەت گەیشتن بە (ئابووری بازاڕ) کەکێبرکێ و داشکانی نرخ و باشترکردنی کوالێتی بنەمای سەرەکی ئەم ئابوورییەیە و خۆشگوزەرانی و بوژانەوەی ئابووری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت،لەئەوروپا کێبرکێی بازاڕ هەیە بەپێچەوانەوە لە هەرێمی کوردستان کێبرکێ لەناو کاری ئابووری و بازاڕدا نییە، لەم هاوکێشە ئابوورییانە توێژی مامناوەند ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت، بەبێ توێژی مامناوەند(میدڵ گلاس )دروست نابێت، پرسیاری گرنگ ئەوەیە لەناوچوونی توێژی مامناوەندی لەکوردستان لەبەرژەوەندی کێ دایە؟ بێ بوونی توێژی مامناوەند کەمینەی سەرمایەداریش وەبەرهێنان و کارو پرۆژەکانیان شکست دەهێنێت و کۆمەڵگا کاراترین کەسانی ڕۆشنبیرو شارەزا لەدەست دەدات، کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان توێژی مامناوەندی زۆرینەیە و خاوەنی ڕۆشنبیری و هۆشیارییەکی بەرزن بەبەراورد بە دوو توێژەکەی تر. تەنانەت سەرکردایەتی لەپرۆسەی پەرەپێداندا لەڕێگای توێژی مامناوەندەوە بەڕێوەدەبرێت.

ئەمەو چەندین هۆکاری تر لەهەرێمی کوردستان ڕۆڵیان لەلاوازکردن و کەمبوونەوەی پێگەی ئەم توێژە هەبووە، کەلەقۆناغە مێژووییەکان و ڕابردوو ڕێگربووە لەبەردەم دامەزرانی یاخود لاوازکردنی توێژی مامناوەندی، لەوانە تەشەنەنەکردنی سروشتی و ئاسایی سەرمایەداری و جەنگەیەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی بەغداو شەڕی حکومەتی عێراق لەگەڵ هەرێمەکەداو شەڕی ناوخۆو گەمارۆی ئابووری و قۆرخکاری ئابووری و دەرکەوتنی توێژێکی مشەخۆری سەرمایەداری . هتدا، زۆرجاریش دەسەڵاتەکان لەناو دامەزراوو ڕێکخراوو ناوەندە جۆراوجۆرەکان بە زانستی و واقیعی لەگەڵ ئەم توێژەدا مامەڵە ناکەن،کە هۆشیارو ڕۆشنبیرەو هەڵگری حەز و خواستی دیموکراتییەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. تەنانەت توێژی مامناوەندیش لە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بە پرۆگرامێکی گشتی و لەڕێگای بەرژەوەندی هاوبەشی ناو توێژەکەوە ڕۆڵی هەبێت و بەسەر ئاستەنگ و بەربەستەکانیدا سەرکەوێت.

## چاودێری کۆمەڵایەتی ئەلتەرناتیفی دادپەروەری کۆمەڵایەتی نییە

بێوەژن و نەوجەوانان و پیرو قەیرەو پەککەوتە و کەمئەندامان و خێزانی بەندکراوەکان و نەخۆشییەکانی مێشك و ئەو توێژو کەسانەی لەناوکۆمەڵگادا ناتوانن خۆیان و خێزانەکانیان بەخێو بکەن، کەسێکیشیان نییە کار بکات و داهاتی خێزانەکە دابین بکات، لەڕێگای برینەوەی موچەوە کەبەپێی یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی خەرج دەکرێت، لە ژیانی گولەمەرگی و هەژاری ڕادەبەدەر دەربازیان دەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی تەنها گرنگی بە چاودێری کۆمەڵایەتی نەدرێت و کۆمەڵگا بەرە و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئاراستە بکرێت، زۆر گرنگە لە ڕێگای پرۆژەی پیشەیی و خزمەتگوزارییەکان و پێدانی هاوکاری و قەرز بۆ ئەنجامدانی پرۆژە بچوکەکان وا لەزۆرینەی ئەو توێژانە بکرێ هەرکەسەو بە پێی ئارەزوو توانای خۆی رووبکەنە پرۆژەی بچوك و کارکردن، یاخود پێدانی هەلی خوێندن بۆ ئەو توێژو کەسانە، ئەمەش لە پێناو تێکەڵاو بوونیانە لەکۆمەڵگا. سوود وەرگرتن نەك کۆپیکردنی ئەزموون و شارەزایی نێودەوڵەتی، ئەمە کاری وەزارەتی کارو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانە، هەروەها کار بۆ کردنەوەی سەنتەر و ناوەندی تایبەت بەکارو پیشە بکەن . هەموو کەمئەندام یاخود کەسێك لەو توێژانەی کە باسمانکرد پەککەوتە نییەو دەکرێت لەحکومەت و کەرتی تایبەت و پرۆژەی پیشەیی کاری بۆ بدۆزرێتەوەو داهاتی تاکەکەسی بەرز بێتەوەو زامنی ژیانێکی خۆشگوزەرانی بۆ بکەین دۆزینەوەی کاریش مافێکی سروشتی و ئاسایی ماکس فیبەری فەیلەسوفی ئەلمانی لە بیردۆزەکەیدا زۆر گرنگی بە دوو خاڵ دا : (کار بیرۆز بێت و مافی مولکییەتی فیکری هەبێت )، کاتی ئەوە هاتووە ڕێزگرتنی توێژو تاکەکانی ناوکۆمەڵگا تەنیا لەسەر بنەمای دروشمی سیاسی نەبێت ..

## لەهەرێمی کوردستان توێژی مامناوەندی پێگەو توانای خۆی لەدەست داوە لەئاکامی:

١) سیستەمی سیاسی ڕۆڵی لەپێگەیاندن و دامەزرانی توێژی مامناوەندی نەبووە.
٢) پشێوی و بێ سەروبەری بازاڕو پیادەنەکردنی بنەماکانی ئابووری بازاڕ.
٣) بەرزبوونەوەی نرخەکان و زیادبوونی پێداویستییەکان .
٤) لاوازی داهاتی تاکەکەسی.
٥) زیادبوونی خەرجییەکانی خوێندن و تەندروستی .
٦) لاوازی هەلی کاری گونجاوو باش.
٧) بەرزبوونەوەی نرخ و تێچوونی نیشتەجێبوون.
٨) نەبوونی پاڵپشتیکردن و یارمەتیدانی پرۆژەی بچووك .
٩) کەمی کرێ و مووچەکان لەهەردوو کەرتی حکومی و ئەهلی.

# کۆستەریکا..

## سەرمایەی خۆی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی خەرج دەکات



کارکردنی ئافرەتان لە کۆستەریکا رۆڵی گەورەی لە ئابووری وڵاتدا هەیە

بەپێی راپۆرتی(پێشکەوتنی مرۆڤایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان) کۆستەریکا بە یەکێک لەو وڵاتانە هەژمار دەکرێت کەپێشکەوتنێکی گەورەی مرۆڤایەتیان تیادایە

کۆستەریکا یەکێکە لەو وڵاتە دەگمەنانەی دونیا کە لەسالّی (١٨٨٩)ەوە دیموکراسی تیایدا باڵادەستە، بەپێی راپۆرتی (پێشکەوتنی مرۆڤایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان)کۆستەریکا بە یەکێك لەو وڵاتانە هەژمار دەکرێت کەپێشکەوتنێکی گەورەی مرۆڤایەتیان تیادایە. لەساڵی ( ١٩٤٩)دا هێزی سەربازی خۆی هەڵوەشاندۆتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەموو سەرمایەی خۆی لەبواری پەرەپێدانی مرۆیی خەرج بکات، لەوانە بوارەکانی (مەدەنی، پەروەردە، تەندروستی، پاراستنی ژینگە هەروەها گەشەسەندنی ژێرخان). لەماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا کۆستەریکا پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لەبوارەکانی بازرگانی دەرەکی و ئابووری بازاڕ، حکومەتیش هەردەم پشتیوانی ئەم پێشکەوتنانە بووە.

کۆستەریکا ڕێکەوتننامەی بازرگانی ئازادی لەگەڵ وڵاتانی کەنەدا، چیلی، مەکسیکۆ، ئەمەریکا، ئەرژەنتین، بەرازیل، پاراگوای و هەروەها ئۆرگوایدا هەیە. کۆستەریکا تاکە وڵاتی ئەمریکای لاتینە کە هێزی سەربازی نییەو ڕێژەی خوێندەواری تیایدا ٩٥٪ـەو یەکێکە لە کۆنترین ئەو نموونە تاکانەی دونیا لە پێشکەوتن لە نێو وڵاتانی جیهاندا. کۆستەریکا پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی لە بواری پەروەردە، تەندروستی، کە دەکرێت لەگەڵ وڵاتانی گەورەی پیشەسازی بەراورد بکرێت. لەم وڵاتەدا لەبەر ئەوەی هەمووی کار دەکات، بۆیە سیستەمی وەرگرتنی باج رۆڵێکی گەورەی هەیە لە کۆکردنەوەی داهات و ئاراستەکردنی بەرەو پەرەپێدانی مرۆیی.

سەرەڕای کەمی سامانەکانی وڵات کۆستەریکا بە چەند ماوەیەکی پێشکەوتندا تێپەڕی کە دەکرێ لە چوار ماوەدا کورتی بکەینەوە:-

١- لەساڵی ١٨٨٦حکومەتی کۆستەریکا بڕیارێکی دەرکرد کە خوێندنی سەرەتایی بەزۆرو بێ بەرامبەرە بۆ هەردوو ڕەگەز، هەر دایك و باوکێکیش کەمتەرخەمی بکات سزا دەدرێت، کاریگەری ئەم بڕیارە زۆر مەزن بوو بەشێوەیەکی بەرچاو بووە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری.

٢- لەساڵی ١٩٤٠ (ڕافایل کالدێرۆن گاردیا) هاتەسەر حوکم، ئەم پیاوە چەند گۆڕانکارییەکی گرنگی کرد، لەوانە: دەستەبەری کۆمەڵایەتی، چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ چینی هەژاران، جگەلەمانە ماوەی کارکردنی کرد بە هەشت کاتژمێر، ڕێژەی مووچەی دیاریکردو، دەرنەکردنی کرێکاری لەخۆڕاو بەبێ هۆ ڕاگرت.

کۆستەریکا پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی لە بواری پەروەردە، تەندروستی

٣- لەساڵی ١٩٤٩سەرۆکێکی تر بەناوی (جۆز فێگێ) بە سەرۆك هەڵبژێردرا، ئەم سەرۆکە نوێیە خوێندنی ناوەندیشی کردە ئیلزامی، هەروەها خواردن و جلوبەرگی قوتابییە هەژارەکانی گرتە ئەستۆی حکومەت. هێزی سەربازی هەڵوەشاندەوەو سزای دارایی لەسەر ئەودەوڵەمەندانە دانا کەسەرپێچی لەکاری ئابووری و بازاڕدا دەکەن و سیستەمی تەندروستی وڵاتی ڕێکخست بە جۆرێك نەخۆشخانەی گەڕۆکی دانا، تا بەسەر گوندە دوورە دەستەکاندا بگەڕێن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان.

٤-لە ساڵی هەشتایەکان پاش ئەوەی بارودۆخی ئابووری وڵات تێکچوو، ڕێژەی بێکاران بەرزبۆوەو کێشەو گیروگرفتی زۆر لەوڵات سەریان هەڵدا، پارتێکی تر هاتە سەر کورسی دەسەڵات کە چەند گۆڕانکارییەکی ئەنجامدا:

* بانکە خۆماڵی کراوەکانی دایەوە دەست کەرتی تایبەت.

* سیستەمی خانەنشین بوون و تەندروستیشی دایەوە دەست کەرتی تایبەت.

